له بڵاوکراوەی هاویشتیی کرێکاریی ژمارە 8دا بڵاو کراوەتەوە

# ژنانی ماڵ بە بێکار بە حیساب نایەن

## وەستا حسێن

لەکوردستان سەرەرای ئەوەی بازاڕ بەرووی سەرمایەی دەرەوەدا کرداوەتەوەو سەدان کۆمپانیای بیانی کاری تێدا دەکەن کە ئەمە فرسەتی کاری فراوانی کردۆتەوە، بەلام ئەمە بەو مانایە نییە کە لە کوردستان بێکاریی نەبێ، بەلکو بێکاریی لەئاستیکی فراواندایەو چونکە کۆمەلگای کوردستان حوکمرانیەکەی هەرچۆنێک بێت هەر سەرمایەدارییەو بیکاری بەشێکە لەسیاسەتی دەسەلاتدارانی کوردستان بۆ کەڵەکەی سەرمایە تا هەمیشە لەشکری بێکاریی کوتەکێ بێ بەسەر سەری کرێکارانی لەسەر کارەوە تا هەر کاتێ نارەزایەتیان کرد هەڕەشەی دەرکردنیان لێبکەن. بەم هێزە جێگەیان بگرێتەوە تا ئەمە فشار بێ بۆ راگرتنی کریکاران لە هەلومەرجێکی سەختدا.

ئەم لەشکرە گەورەیەی بیکاران بەشێکی زۆری ئافرەتانی ماڵن کە خەریکی بەخێوکردنی منداڵو خزمەتی ماڵن ئەم کارەی بەردەوامی ژنان لە چوارچێوەی ماڵ نە لەلای دەسەلاتو یاساکەیان نە لە فەرهەنگی باوی کۆمەڵگاو بەکار بەحساب دێ. ئەگەر ئەمە ووردتر کەینەوە ئەبێ بڵێین وەختێک قسە لەسەر ئامارگیری بێکارییە سەرەڕای نەبوونی ئاماریکێ دروستو شاردنەوەی تەواو، لەناو ئەم ئامارەدا ڕەگەزی ئافرەت بە بێکار حیساب ناکرێت، ئەم ڕوانینە لەسەر بنەمای یاسایەکە کە لەکوردستاندا هەیەو ئینسانی ژن بەدەرەجە دوو و کەم عەقڵ سەیر دەکاو چواریان لە پیاوێ مارەدەکا، ئەم یاسایە ئاوێتەیە بەدینو پیاوسالارو کۆنەپەرستانەیە.

بۆیە ئەم یاسایە دیوە شاراوەکەی قازانجپەرستی دەسەلاتدارانی کوردستانە کە بۆ کەڵەکەی سەرمایە بوونی ئەم قانونەو جێگەو ڕێگەی ژن بەقازانجیانە واتە مەسەلە ئەسڵیەکە ئابوریە. بۆ ئەوەی دەسەلاتداران لەدۆزینەوەی کارو بیمە کۆمەلایەتیەکان خۆیان دەربازبکەنو ژنان لەچوارچێوەی ماڵو لە هەژاری و نەداریدا بهێڵنەوە، هەربۆیە نموونەی وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی ئامارێکی راگەیاند کەدەڵێ لەساڵی ڕابردوودا واتە 2008 دا ئامارێ بێکاری 12% بێکاری هەیە. ئەگەر چی هێشتا ئەم ئامارە کەم نیە بەلام بەئیحتمالی زۆرەوە ژنانی بێکار ئەم ئامارە تەواو بکەن بەلام لەنێو ئەم ئامارەو هەموو ئەو ئامارانەی تردا بێکارانی ژن لەبەرچاو ناگیرێ. تەنانەت ئەم ڕوانینە میدیای کوردی بەگشتی گرتۆتەوە مەگەر نارەزایەتی خوێندکارانێ بەفشاری خۆیان ئەمەیان سەپاندبێ.

دیارە ئەم سونەتو یاسایەش وەکو لەپێشدا باسمکرد هەم قەیدو بەندی داناوە هەم کردویەتیە مەسەلەیەکی لاوەکی لەکۆمەڵگاو خێزاندا. کەم نین ئەو ئافرەتانەی کە لەخێزانەکانیانداو لەچوارچێوەی ماڵدا راگیراونو لەلایەن باوکو براو هاوسەرەوە ڕێگەی چونە دەرەوەیان پێ نادرێ. پێیان دەڵێن ئافرەتو ماڵەوەیان ووتوە، شەرمو شورەییە ئافرەت لەنێو خەڵکدا بێ. دوای ئەو هەموو کارکردنەی ناوماڵ، کە کەس بە کاری نازانێو لەروانینی فەرهەنگی باوی ناو کۆمەڵگا ئەم کارکردنە لەچارەیان نوسراوەو هیچ بەهایەکی نییە. ئەم ئافرەتانە زۆرترین ستەمیان لێدەکرێ، بەتایبەتی ئافرەتانێک کە هاوسەرەکانیان کرێکارە، کە کۆیلەی کۆیلەکانن، دووجار دەچەوسێنەوە. جارێ لەلایەن خێزانەکانیانەوە جارێ لەلایەن سیستەمەکەوە. هەموو مەیدانە کۆمەلایەتیەکانی کارو هونەرو وەرزشیان لەسەر داخراوەو هەر بەو جۆرە تەمەنیان تەواو دەبێو دابراو دەبن لەکۆمەڵگاو دنیایەک مەعەناتیان هەیە. ئەتوانین بڵێین بە داخەوە زۆرترین کاری توندوتیژیو ڕەشەکوژیش هەر دەرهەق بەم ژنانە دەکرێ.

ژنان بەهۆی پاشکۆبوون بەپیاوانو نەبوونی ئابوریەکی سەربەخۆ زۆرترین گرفتیان بۆ دروستدەبێ، هەمیشە هەڕەشەیان لەسەرە بەبرسیکردنو جیابونەوەو گەڕانەوە بۆ ماڵی باوکو گرفتی بژێوی خۆیانو منداڵەکانیان. لاوازی جووڵانەوەی کریکاریی لەکوردستان وایکردوە کە مەسەلەی ژنان وا بمێنێتەوەو سەرەڕای دەنگو سەدای زۆر لە کۆمەڵگەدا بەڵام لە ڕووی عەمەلیەوە هیچ نەچێتە پێشەوە، لەغیابی ئەم بزوتنەوەیەدا ئەم شەرایەتە سەختە فەرزکراوە.

دەوری سەنتەرو ڕێکخراوەکانی ژنانو ڕێکخراوەکان لەو نێوەدا لەسەر ئەمەش زۆر جێی بایەخ نیەو وە ئەگەر لەژێر فشاردا بێنە قسەو ئەویش بوونی ئەو کێشانە گرێدەدەنەوە بە تاکایەتی ژنان خۆیان، گوایە کە هەر ئافرەتێک بیەوێ ئیرادە بکاو کۆتو زنجیر بپسێنێو یاخیبی لە فەرهەنگی باوی کۆمەڵگا بەبێ ئەوەی حساب بۆ ئەم ئینسانانە بکرێ کە وەک تاک دەتوانن چی بکەنو چارەنوسیان

بەرەوکوێ دەچێ، گەر مەرگو تیاچوون نابێ؟

یان دەڵێین دەبێ ژنان خۆیان بە ئاگا بێنەوەو بلاوکراوە بخوێننەوەو وشیاربنەوەو گوێ لە ئێمە بگرن تا ڕزگاریان ببێو دانەدانە لەو مەوقیعەی کە هەیانە، کە ئەمەش لەدنیای واقیعدا ئیمکانی نیەو خەیاڵە.

ئەوەی ڕێگا دەدا بەژنان بێنە دەرەوەو ئەم کارە نەسپێررێ بەگۆڕانی دەیانساڵیتر بوونی یەک بزووتنەوەی بەهێزی کرێکارییە لەکوردستان کەبتوانێ لەگەڵ ریکخراوە رادیکاڵەکانی ژنان تەواوی ئەو یاساو رێسا دواکەوتوانەیە توڕبداو تا هەم ژنانی لەسەر کارو هەم بێکار لانیکەم لەو وەزعەی کە هەیانە نەجات بداتو لەجێیدا یاسایەکی پێشکەوتووی کرێکاریی مۆدێرن لەجێی ئەو یاسایە جێگیربێ تا چیتر ئافرەتان یەخسیری ماڵ نەبنو مافەکانیان بۆ دەستبەر بکرێت

باهەشتی مارسی ئەمساڵ بکەینە ڕۆژی هێنانەمەیدانی ئیرادەی ژنان و پیاوان

بزوتنەوەیەکی گەورەی بۆ بەرێبخەین بۆ هێنانەدی خواستەکان

**بژی 8 مارس، ڕۆژی جیهانی ژن**

2009/02/28